هزر



# کۆمەڵگەی بێ دەوڵەت؛ کۆمەڵگەی دژە دەوڵەت

## - گفتوگۆ لەگەڵ پییەر کلاستر-

وەرگێڕانی: بڕوا عەلادین

jineftin.krd

هزر

ماڵپەڕی ژنەفتن ٢٠٢١

jineftin.krd

بەشی یەکەم

# بەرایی

کورتکردنەوە و ڕانانی سەرجەم هێڵە گشتییەکانی تێزەکانی ئەنترۆپۆلۆژی فەرەنسی «پییەر کلاستر» لە چەند دێڕێکدا دەشێت کارێکی ئێجگار سەخت و دژوار بێت، چونکە هەڵگری بڕێکی زۆر ئایدیای بەهێز و شیکاری بوێرانەن لە کایەی ئەنترۆپۆلۆژیای سیاسیدا: کارەکانی ئەم بیریارە فرەڕەهەند و هەمەلایەنن، دوورن لە ئایدیالیزمەوە (ئایدیالیزم بە مانای بیرکردنەوە لەوەی کە بۆ نموونە دەبێت سروشتی پەیمانی کۆمەڵایەتی چۆن بێت)، وەکچۆن دووریشن لە یۆتۆپیاوە (یۆتۆپیا بە مانای فەنتازیکردنی ئەوەی کە پێویستە کۆمەڵگە چۆن بێت). تێزەکانی کلاستەر بە کۆمەڵێک وردەکاریی ئەوتۆ دەوڵەمەندن کە تێپەڕین بەسەریاندا کارێکی هەروا ئاسان نییە، چونکە زادەی گوزەراندن و ژیاندنێکی ڕۆژانەی خێڵە سەرەتاییەکانی (گایاکی)ین لە دارستانەکانی ئەمازۆن، خێڵگەلێک کە بە شێوەیەکی گشتی لە توێژینەوە ئەنترۆپۆلۆژییەکاندا لەژێر دەستەواژە و ناوی «بەربەری» یاخود «سەرەتایی»دا پۆلێن و ڕیزبەند دەکرێن. کلاستەر خۆی بەشدارییەکی ئەوتۆی لە ناساندنی ئەو خێڵانە و کولتوور و ئایین و نەریتەکانیاندا کردووە، ئەوەش بە مەبەستی دیاریکردنی ئەو دیدە کەمتەرخەمەی وایان لێ دەکات لەدەرەوەی مێژوو بن و پاساو بە ژیاریکردنیان بدات (دیارە بێگومان بە بەکارهێنانی ئامرازی کۆلۆنیالانە!).

به ڕای ئێمە کلاستر لەم دیالۆگەیدا کە ساڵی ١٩٧٥ لەگەڵیدا سازکراوە (واتە ٢ ساڵ بەر لە مردنی) تیشک دەخاتە سەر تەواوی تێزەکانی، وەرگێڕانیشی هەر بە مەبەستی تیشکخستنە سەر بیر و ئایدیاکانی ئەو ئەنترۆپۆلۆژە دەوڵەمەندەیە کە توانی ئەو دیدە ترادسیۆنالییە تیکبشکێنێت کە تاوەکو حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو باو بوو، دیدێک دەربارەی منالّیی ئەو کۆمەڵگایانەی خاوەن دەزگای دەوڵەت نین، نووسین نازانن و دواجاریش لە لایەن بیریارانی بیری مێژووگەراییەوە کە بۆ خۆی زادەی سەنتەریزمی ئەورووپییە، بە سەرەتایی ناو دەبرێن و پۆلێن دەکرێن. کلاستەر بەم کارەی توانی دەرگا لەسەر ئاڕاستەیەکی دیکە بکاتەوە کە پاشتر لە بواری ئەنترۆپۆلۆژیای سیاسیدا بە بزاوتی کۆمەڵگەی دژەدەوڵەت ناو دەبرێت، بزاوتێک کە پشت بە ئایدیایەکی سەرەکی دەبەستێت بۆ بەرەنگاربوونەوەی سەنتەریزمی ئەورووپی لەهەر دوو بوارەکانی ئەنترۆپۆلۆژیا و مێژوودا کە بریتییە لەوەی کۆمەڵگە سەرەتاییەکان لەبەر ئەوە کۆمەڵگەی بێدەوڵەت نین چونکە کەموکورتییەکی هەیکەلییان تێدایە بۆ بەرجەستەکردنی دەوڵەت، بەڵکو لەبەر ئەوەی لە جەوهەریاندا کۆمەڵگەی دژەدەوڵەتن، واتە پێواری دەوڵەت لەناویاندا پەیوەندی بە پەککەوتەیی یاخود دواکەوتنێکی مێژووییەوە نییە، بەڵکو دەرەنجامی بڕیارێکی هۆشیارانەیە کە کۆمەڵگە داویەتی بۆ ئەوەی ڕێگیری لە سەرهەڵدانی دەوڵەت بکات. دەقی دیالۆگەکە بەزمانی فەرەنسی لە ژمارە (٩) ی ساڵی ١٩٧٥ی گۆڤاری دژەئەفسانە «L'ANTI-MYTHES»دا بڵاو کراوەتەوە.

# ئەنترۆپۆلۆژیای سیاسی

**پ:** ئایا ئەنترۆپۆلۆژیای سیاسی بۆ تۆ چی دەگەیەنێت؟ ئەی لەم قۆناغە ئەنترۆپۆلۆژییەی ئێستادا (دیارە وەکو بونیادگەریی) خۆت لە چ پلەوپایەیەکدا دەبینیتەوە، واتە خۆت لە کوێی ئەو هاوکێشەیەدا پۆلێن دەکەیت؟

**کلاستر:** سەرەتا باسی مەسەلەی بونیادگەریی دەکەم. من بونیادگەر نیم: ئەمەش ناگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ڕەخنە و تێبینیم لەسەر بونیادگەریی هەیە، بەڵکو لەبەر ئەوەی وەک ئەنترۆپۆلۆژێک بایەخ بە کۆمەڵێک کایە و کێڵگەی کولتووریی دەدەم کە بە ڕای خۆم زۆر بەرفراوانترە لە بواری شیکاری بونیادگەریی. بونیادگەری زیاتر لای ئەو کەسانە کاری پێ دەکرێت کە کار لەسەر مەسەلەکانی وەک پەیوەندیی خزمایەتی و ئەفسانە دەکەن، کارێک کە **لیڤی شتراوس** لە شیکارییەکەیدا بۆ هەریەکە لە بونیادە سەرەکییەکانیی خزمایەتی و ئەفسانەش ڕوونی کردۆتەوە و کاری پێ کردووە. بەڵام من خۆم بایەخ بە ئەنترۆپۆلۆژیای سیاسی دەدەم، واتە بە مەسەلەکانی دەسەڵات و ڕێبەرایەتی و کاریزمایەتی. لەم ڕوانگەیەشەوە پێم وایە کە بونیادگەری کەمتەرخەم بووە و بواری کارەکەی من شێوەیەکی جیاوازتر لە شیکردنەوە لەخۆ دەگرێت.

پاش ئەم ڕوونکردنەوەیە دەمەوێت بڵێم ئەگەر مەبەستم بێت لە بابەتێکی ئەفسانەیی بکۆڵمەوە، ئەوا زۆر شیاوە و دەشێت لەو کاتەدا ببمە بونیادگەر، چونکە پێموایە ناکرێت

وەک ئەنترۆپۆلۆژێک بایەخ بە کۆمەڵێک کایە و کێڵگەی کولتووریی دەدەم کە بە ڕای خۆم زۆر بەرفراوانترە لە بواری شیکاری بونیادگەریی

لەدەرەوەی بونیادگەریی بتوانین بابەتێکی ئەفسانەیی شیکار بکەین، تەنها ئەو کاتە نەبێت کە لە جیاتی بونیادگەریی پەنا ببەینە بەر هەندێک لە دەبەنگییەکانی دەروونشیکاریی بۆ ئەفسانە، وە یاخود بە مارکسیکردنی ئەفسانە و پێناسەکردنی وەک ئەفیونی مرۆڤی سەرەتایی و کێوییەکان، کە وادیارە هەموو ئەم جۆرە گریمانە و بۆچوونانەش شتی کەم نرخ و بێسوود بن.

**پ**: بەڵام تۆ بە تەنها کار لەسەر کۆمەڵگەی سەرەتایی ناکەیت، بەڵکو پرسیارکردنت دەربارەی دەسەڵات، خۆی لەخۆیدا پرسیارە لە کۆمەڵگە خۆرئاواییەکەمان. داخۆ مەبەست و خواستی تۆ لەمە چیە؟ ئەی پاساوت چییە بۆ ئەو بازدان و گواستنەوەیە لە توێژینەوەی کۆمەڵگە سەرەتاییەکانەوە بۆ قسەکردن لەسەر کۆمەڵگەکانی ئێستامان؟

**کلاستر**: دیارە گرنگیی و پێویستیی بابەتەکە خۆی وا دەخوازێت. من ئەنترۆپۆلۆژم، واتە بایەخ بە کۆمەڵگە سەرەتاییەکان دەدەم، بە تایبەتی لە ئەمریکای باشوور کە هەر لەوێش هەموو کارە مەیدانییەکانی خۆمم ئەنجامداوە. ئا لێرەوەیە کە خاڵی سەرەکی کارکردنی من بریتییە لە پرۆسەیەکی جیاکاریکردن کە زادە و هەڵقوڵاوی هەردوو کایەکانی خەڵکناسی و ئەنترۆپۆلۆژیایە. پرسیارەکە لای من ئەوەیە: کۆمەڵگە سەرەتاییەکان چیین؟ دیارە ئەو کۆمەڵگایانەن کە دەوڵەتیان نییە، کە ئەمەش ڕاستەوخۆ دەمانبات بەرەو قسەکردن لەسەر کۆمەڵگەکانی دی، واتە ئەو کۆمەڵگانەی کە دەوڵەتیان هەیە (خاوەنی دەوڵەتن). ئەی کەواتە کێشەکە لە کوێدایە؟ ئایا من لە چ ڕوانگەیەکەوە گرنگی پێ دەدەم؟ ئەی بۆ هەوڵدەدەم بیری لێ بکەمەوە؟

قسەکردن لەسەر کۆمەڵگە بێدەوڵەتەکان (یاخود دژە دەوڵەتەکان) ڕاستەوخۆ بریتییە لە قسەکردن لەسەر ئەو کۆمەڵگایانەی دەوڵەتدارن، واتە خاوەن دەوڵەتن

پوختەی پرسیارەکەم بریتییە لە گەڕان بەدوای ئەو وەڵامەی کە داخۆ ئەو کۆمەڵگایانەش

کە دەوڵەتیان نییە، هەر وان؟ دیارە من لێرەدا وا تێبینیم کردووە کە بەڵێ وایە کۆمەڵگە بێدەوڵەتەکان وان، چونکە دەوڵەت ڕەت دەکەنەوە، واتە کۆمەڵگگەلێکن دژ بە دەوڵەت: چونکە پێوار و نائامادەیی دەوڵەت لە کۆمەڵگە سەرەتاییەکاندا ناگەڕێتەوە بۆ بوونی کەموکوڕیی لەو کۆمەڵگایانەدا، یاخود لەبەر ئەوەی ئەو کۆمەڵگایانە نمایشی دۆخی منالییانەی مرۆڤایەتی دەکەن، یان بەهۆی ناتەواویی و ناکامڵییان، هەروەها لەبەر ئەوەی گوایە کۆمەڵگەی قەوارە بچکۆلە و پێنەگەیشتوون، بەڵکو بەدیاریکراوی لەبەر ئەوەیە کە دەوڵەت لە چەمکە بەرفراوانەکەیدا ڕەت دەکەنەوە، واتە دەوڵەت لە بچوکترین وێنەی پێناسەکراوییدا وەک پەیوەندیی دەسەڵات. ئا لێرەوە قسەکردن لەسەر کۆمەڵگە بێدەوڵەتەکان (یاخود دژە دەوڵەتەکان) ڕاستەوخۆ بریتییە لە قسەکردن لەسەر ئەو کۆمەڵگایانەی دەوڵەتدارن، واتە خاوەن دەوڵەتن، گواستنەوەش لە یەکەمیانەوە بۆ دووەمیان یان شتێکە کە پێشوەخت نابێت و ناشێت و، یان شتێکە کە پێشوەخت شیاوە و دەشێت بکرێت. ئەو پرسیارەشی کە لەو گواستنەوەیە دەکەوێتەوە بریتییە لەوەی کە: ئایا دەوڵەت لە کوێوە لەدایک دەبێت و بنچینەکەی چییە؟ بەڵام لە ڕاستیدا ئێمە لەم حاڵەتەدا لەبەردەم دوو پرسیاری جیاوازداین: ئایا کۆمەڵگە سەرەتاییەکان چی دەکەن بۆ ئەوەی دەوڵەتیان نەبێت؟ ئەی دەوڵەت لە کوێوە سەر هەڵدەدات و لەدایک دەبێت؟

کەواتە ئەنترۆپۆلۆژیای سیاسی چییە؟ دەکرێت بڵێین ئەنترۆپۆلۆژیای سیاسی بریتییە لە کۆی هەموو ئەو شتانەی کە بەهۆیانەوە شیکارکردنی مەسەلەی دەسەڵات لە کۆمەڵگە سەرەتاییە بێدەوڵەتەکاندا دەبێتە بیرکردنەوەیەکی سیاسیی دەربارەی کۆمەڵگەکانمان. ئەمە شتێکە کە ئێمە لێی دڵنیاین، بەڵام گرنگ نییە. ئەڵبەتە دەتوانم لەسەر هەندێک پرسیار بوەستم کە ئەگەر ئەکادیمییش نەبن ئەوا لانیکەم هەر لەناو کایەی ئەنترۆپۆلۆژیای کۆمەڵایەتیدان، پرسیارگەلی وەک: ئایا کۆمەڵگەی سەرەتایی چۆن کار دەکات بۆ بەرگرتن لە سەرهەڵدان و هەڵتۆقینی دەوڵەت؟ ئەی دەوڵەت لە کوێوە لەدایک دەبێت و سەر دەردەهێنێت؟ دەشێت ئەوەندەم بەس بێت و لە هەمان کاتدا ئەنترۆپۆلۆژیش بم، بەوپەڕی

دڵنیاییشەوە من هەر ئەمە دەکەم. بەڵام گومانی تێدا نییە کە دوای هەر بیرکردنەوە و توێژینەوەیەک دەربارەی بنچینەی دابەشبوونی کۆمەڵگە یان بنچینەی نایەکسانی، بەو مانایەی کە کۆمەڵگە سەرەتاییەکان بریتین لەو کۆمەڵگایانەی ڕێگە لە جیاوازی دەگرن، دەشێت بیرکردنەوەیەک دەربارەی ئەو شتانە بەرهەم بهێنین کە لە کۆمەڵگەکانماندا ڕوو دەدەن. ئالێرەدا مەسەلەی مارکسیزم دێتەوە بەردەممان.

**پ:** دەتوانیت کەمێک وردتر باسی بکەیت، پەیوەندیت بە ئەنترۆپۆلۆژە مارکسییەکانەوە چییە؟

**کلاستر:** پەیوەندی من بەو هاوڕێیانەمەوە کە مارکسین دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازییمان لەوەدا کە دەیکەین و دەینووسین. بەڵام ئەوە جیاوازییەک نییە لەسەر ئاستی تاکەکەسیمان. زۆربەی مارکسییەکان ئەرتدۆکسیین، دەڵێم زۆربەیان، چونکە خۆشبەختانە کەسی واشیان تێدایە کە وا نییە. ئەرتدۆکسییەکان ئەوانەن کە ئەوەندەی پابەندی تێکستن، هێندە پابەندی ئەقڵ نین. ئەی تۆ بڵێی بەپێی ئەم ئاڕاستەیە تیۆرەی دەوڵەت چی بێت؟ ئەمانە وێنایەکی ئامرازگەرییانەیان بۆ دەوڵەت هەیە و پێیان وایە دەوڵەت بە تەنها ئامرازێکە بە دەست چینێکی کۆمەڵایەتییەوە بۆ هەژمون و باڵادەستی بەسەر چینێکی دیکەدا. لای ئەوانە دەوڵەت وەک لایەنە لۆجیکی و زەمەنییەکەی شتێکی پەراوێزییە و دواتر دێینە سەری، واتە دەوڵەت دوای ئەوە دروست دەبێت کە پێشوەخت دەوڵەت دابەش بووە بۆ چینەکان، هەندێک بوونەتە دەوڵەمەند و هەندێکیش هەژار، چەوسێنەرەوە و چەوساوە. دەوڵەت ئامرازی باڵای دەوڵەمەندەکانە بۆ چەوساندنەوە و خەڵەتاندنی هەژاران.

بەڵام بەلای منەوە و بەپێی ئەو توێژینەوانەی پەیوەندییان بە کۆمەڵگەی بێدەوڵەتی سەرەتایی و هەموو ئەو بیرکردنەوانەی دیکەوە هەیە لەم مەسەلەیە، کارەکە تەواو پێچەوانەیە. من پێموایە دابەشبوون بۆ گروپی کۆمەڵایەتی دژ بەیەک یان بۆ دەوڵەمەند و هەژار، چەوسێنەر و چەوساوە دابەشبوونی یەکەم نەبووە، بەڵکو یەکەمین دابەشبوون کە دواجار بۆتە دامەزرێنەری هەموو دابەشبوونەکانی دیکە بریتییە لە دابەشبوون لەنێوان فەرمانڕەوا و ملکەچدا، واتە لە بنەڕەتدا دەوڵەت، دابەشبوون لەنێوان ئەوەی دەسەڵاتدارە و ئەوەی کە ملکەچی دەسەڵاتە. گەر ئەمە روویدا و پەیوەندییەک لەنێوان فەرمانڕەوا و ملکەچەکانیدا دروست بوو، واتە لەنێوان کەسێک یان کەسانێک کە فەرمان بەسەر ئەوانی دیکەدا دەدەن و ئەوانیش ملکەچیان دەبن، ئەوا ئەوکاتە هەموو شتێک شیاوە، چونکە فەرمانڕەوا دەبێتە خاوەنی دەسەڵات و توانای ئەوەی دەبێت وا لەوانی دی بکات فەرمانەکانی جێبەجێ بکەن. وە لەبەر ئەوەشی کە ئەو خۆی بۆتە دەسەڵات، ئەوا دەتوانێت بەوانی دی بڵێت: بۆ من ئیش بکەن، ئیدی ئەو کاتەش زۆر بە ئاسانی دەکرێت ببێتە چەوسێنەرەوەیان. بەڵام ئەو پرسیارەی کە لێرەدا دێتە ئاراوە ئەوەیە کە کاتێک ئێمە بە وردی و بە ڕاستی بیر لە شێوە و ڕێچکەی کارکردنی ئەو ئامرازە کۆمەڵایەتییانە دەکەینەوە، دیارە مەبەستم لە کۆمەڵگە سەرەتاییەکانە نابینین کە چۆن بۆیان دەلوێت دابەش بن، واتە چۆن دەتوانن دابەش بن بۆ دەوڵەمەند و هەژار، ئێمە ناتوانین لەمە تێبگەین، چونکە هەمو شتێک تیایدا بە تایبەتی کار بۆ ڕێگرتن لە دروستبوونی ئەو دابەشبوونە دەکات.

لەبەرامبەریشدا بە ڕای من ئەو کاتە دیدمان ڕۆشنتر و تێگەیشتنمان دیارتر دەبێت کە هەر لە سەرەتاوە مەسەلەی پێشوەختیی پەیوەندی دەسەڵات بەهەند وەربگرین. هەر بۆیە من پێم وایە کە دەبێت سەرلەبەری تیۆرەی

> زۆربەی مارکسییەکان ئەرتدۆکسیین، ئەرتدۆکسییەکان ئەوانەن کە ئەوەندەی پابەندی تێکستن، هێندە پابەندی ئەقڵ نین

مارکسیزم بۆ بنچینەی دەوڵەت تێک بدەینەوە تا ئەم مەسەلانەمان بۆ ڕوون بێتەوە، ئەمەش کارێکی مەترسیدار و پێویستیشە لە هەمان کاتدا. واتە دەوڵەت لە جیاتی ئەوەی ئامرازێکی هەژموون و باڵادەستیی چینێک بێت بەسەر چینێکدا کە ئەمەیان بۆ خۆی دەرەنجامی دابەشبوونێکی پێشوەختە لە کۆمەڵگەدا، بە پێچەوانەوە من پێم وایە ئەوە دەوڵەتە کە چینەکان دروست دەکات، دەشێت باشترین بەڵگەش بۆ ئەمە ئەو نموونانە بێت کە زۆر کۆمەڵگەی ناخۆرئاوایی خاوەن دەوڵەت نمایشی دەکەن، بە تایبەتی من بیر لە دەوڵەتی ئینکا لە ناوچەی ئالاند دەکەمەوە. بەڵام دەتوانین نموونەی دیکە لە ناوجەرگەی خۆرئاوا و تەنانەت نموونەی زۆر هاوچەرخی وەک یەکێتیی سۆڤێت بهێنینەوە. دیارە مەبەستی من لێرەدا بە تەنها سادەکردنەوەی بابەتەکەیە، ئەگەرنا من پسپۆڕی بواری کاروباری سۆڤێتیی یان کرملین نیم. بەڵام ئەگەر سەرنجێک لە شۆڕشی ١٧ ی ئۆکتۆبەر بدەین و لە دوورییەکی تاڕادەیەک ماقوڵەوە سەیری بکەین دەپرسین: داخۆ ئەو شۆڕشە چی کرد؟ زۆر بە ئاسانی هەمو پەیوەندییە چینایەتییەکانی ڕەتکردەوە، ئەویش لە ڕێگەی ڕەتکردنەوەی یەک چینەوە: چەوسێنەرەکان، بۆرژواکان، گەورە موڵکدارەکان، ئەرستۆکراتیزم و دەزگای دەوڵەت کە بۆ خۆی تەبا و هاوڕەنگ بوو لەگەڵ هەموو ئەو شتانەی نمایشی خاوەندارێتییان دەکرد؛ دەرەنجامیش ئەوەی کە مایەوە تەنها کۆمەڵگەیەک بوو کە دەشێت بڵێین ئیدی لەسەر بنەمای ڕەتکردنەوەی یەکێک لە لایەنەکان دابەش نەکرابوو، واتە بووە کۆمەڵگەیەکی دابەشنەبوو، بەڵام لە هامان کاتدا دەزگایەکی دەوڵەتی (بە یارمەتی پارتی کۆمۆنیست) بەسەر سەرییەوە دروست بوو کە دەسەڵاتی گرت بەسەر هەموو ئەو شتانەی بۆ میللەتە کرێکارکە باشە، واتە لە بەرژەوەندی ئیشکەران و جوتیاران. باشە، ئەی یەکێتیی سۆڤێتی ئێستا چییە؟ ئەگەر لە ڕیزەکانی پارتی کۆمۆنیستدا خەباتگێڕ بین ئەوا یەکێتیی سۆڤێت بریتییە لە سۆسیالیزم و دەوڵەتی کرێکاری و... هتد، بەڵام گەر لە لاهوت و دۆگم دوورکەوتینەوە و کەمێک وردبینەوە دەبینین یەکێتیی سۆڤێت کۆمەڵگەیەکی چینایەتییە، دیارە هیچ شتێکیش دوودڵم ناکات

لەوەی ئەم دەستەواژەیە بە کار بهێنم، چونکە بە ڕاستی کۆمەڵگەی چینەکانە، بەڵکو کۆمەڵگەیەکی چینایەتییە کە سەرتاپای لە هەناوی دەزگای دەوڵەتەوە هاتۆتە دەرێ. وابزانم لێرەدا زۆر بە ڕوونی بنچینەی دروستبوونی چینەکان دەبینین، واتە بنچینەی دابەشبوون لەنێوان دەوڵەمەند و هەژاران، چەوسێنەر و چەوساوە، بنچینەی دابەشبوونی ئابوورییانەی کۆمەڵگە لەسەر بنەمای بوونی دەزگای دەوڵەت. دەوڵەتی سۆڤێتی کە لە پارتی کۆمۆنیزمدا خۆی بەرجەستە دەکات، کۆمەڵگەیەکی چینایەتی دروست کردوە، هەروەها بۆرژوازیەتێکی نوێی ڕووسی دروست کردوە کە گومانمان نییە لەوەی وەکوو مەترسی و زیانەکانی هیچی لە بۆرژوازیەتە دێرینە ئەوروپیەکانی سەدەی نۆزدەیەم کەمتر نییە. من لەمە دڵنیام، کاتێکیش ئەم قسەیە دەکەم کە وا دیارە قسەیەکی سوریالی بێت، واتە کاتێک دەڵێم ئەوە دەوڵەتە، چینەکان دروست دەکات، دەمەوێت ئەمە لە ڕێگەی چەند نموونەیەکەوە ئاشکرا بکەم کە سەر بە جیهانگەلێکن تەواو جیاواز لەو جیهانەی ئێمەی تێداین، واتە جیهانی ئینکا و جیهانی یەکێتیی سۆڤێت. ئەگەر پسپۆڕانی ژیاری دێرینی میسرییش بۆ نموونە یان پسپۆڕانی ناوچە و کولتوورەکانی دیکە کە مارکس بە دیسپۆتیزمی ئاسیایی ناویان دەبات، وە یان شارەزایانی ژیارە ئاوییەکان هەمان ڕێچکەی من بگرنە بەر، پێم وایە زۆر بە ئاسانی دەیسەلمێنن کە چۆن سەرهەڵدانی دابەشبوونی ئابووریی لە هەناوی دابەشبوونی سیاسییەوە هاتۆتە دەرێ، واتە ئەوەی کە چۆن ئەو کەسەی کە لە چرکەساتی ملکەچییەوە دەبێتە خودێکی هەژار و چەوساوە، فەرمانڕەوایش دەبێتە دەوڵەمەندێکی چەوسێنەر. دیارە ئەمەش بۆ خۆی شتێکی ئاساییە، چونکە مەبەست لە دەسەڵات گرتنە دەست، پیادەکردنیەتی، هیچ دەسەڵاتێکیش بەبێ ناچارکردنی ئەوانی دی لەسەر ئەوەی کە لە بەرژەوەندی تۆ کار بکەن، بوونی نییە. من پێموایە ئەوەی کە دەوڵەت دروست دەکات کاری نامۆکار (العمل المغترب) نییە، بەڵکو بە پێچەوانەوە پێم وایە کاری نامۆکار زادەی دەسەڵات و پرۆسەی پراکتیزەکردنیەتی. ئەی داخۆ کاری نامۆکار چییە؟ بریتییە لەوەی "لە جیاتی خۆم، کار لە بەرژەوەندی ئەوانی دی بکەم"،

ڕاستتر "کەمتر کار بۆ خۆم و زیاتر بۆ ئەوانی دی بکەم"، ئەمە بنچینەی کاری نامۆکارە. دیارە یەکەمین شێوەی کاری نامۆکار کە گەردوونیترین شێوەیەتی ئەرکی دانی سەرانە بووە. چونکە کە تۆ وتت: "من خاوەن دەسەڵاتم، دەبێت ئێوەش ملکەچم بن" ئیدی من بۆ سەلماندنی خواستەکەم کە سەردەستەیی منە بەسەر تۆدا، ناچارت دەکەم سەرانە بدەیت، بە واتای بردنی بەشێک لە چالاکی تۆ بۆ بەرژەوەندی تایبەتیی خۆم. لێرەشەوە ئیدی من بە تەنها خاوەن دەسەڵات نیم، بەڵکو چەوسێنەری ئەوانی دیکەشم، هیچ دەزگایەکی دەوڵەتیش بەبێ بوونی ئەم دەزگای سەرانەدانە بوونی نییە. یەکەم شت کە پیاوی دەسەڵات دەیکات سەپاندنی سەرانەیە، واتە ئەوانەی دەسەڵاتیان بەسەردا پراکتیزە دەکرێت، سەرانە بدەن. ڕەنگە پێم بڵێیت: "جا بۆ ملکەچ دەکەن؟ بۆ سەرانە دەدەن؟". ئالێرەدا مەسەلەی بنچینەی دەوڵەت دێتە ئاراوە. لە ڕاستیدا منیش بە تەواوەتی دەرک بەم مەسەلەیە ناکەم، بەڵام لە پەیوەندی دەسەڵاتدا شتێک هەیە مەسەلەی توندوتیژیی تێدەپەڕێنێت. دیارە ئەم قسەیە زۆر ئاسانە، چونکە دەستبەجێ کێشەکە چارەسەر دەکات! بۆچی دەوڵەت هەیە؟ چونکە لە چرکەساتێکی دیاریکراودا، لە شوێنێکدا کەسێک یان کۆمەڵە کەسێک وتوویانە: «ئێمە خاوەنی دەسەڵاتین و ئێوەش ملکەچمان دەبن». بەڵام لەم حاڵەتەدا دوو شت ڕوودەدات، یان ئەوەتا بیستەرانی قسەکان دەڵێن: «بەڵێ، ئەوە ڕاستە، ئێوە خاوەن دەسەڵاتن و ئێمەش ملکەچتان دەبین» یا «نا ئێوە خاوەن دەسەڵات نین، بەڵگەش بۆ ئەوە ئەوەیە کە ئێمە ملکەچتان نابین» ئیدی لێیان هار دەبن یان دەیانکوژن. کەواتە مەسەلەکە لەنێوان ملکەچی و یاخیبووندایە، دەبێت و پێویستیشە ئەم جۆرە دانپیانانە بە دەسەڵاتدا هەبێت، چونکە دەوڵەت لە زۆر شوێن و کۆمەڵگەی جیاواز جیاوازدا سەری هەڵداوە. لە ڕاستیشدا پرسیار دەربارەی بنچینەی پەیوەندی دەسەڵات بە بنچینەی دەوڵەتەوە، بەلای منەوە دوو دیوی هەیە: لە یەککاتدا هەم پرسیارێکی سەرخانییە و هەم ژێرخانییش. پرسیارە سەرخانییەکە ئەوەیە: چ شتێک وا دەکات کە لە

کات و شوێنێکدا کەسێک بڵێت: «من سەرۆکتانم و دەبێت ملکەچم بن»؟ ئەوە پرسیاری لوتکەی سێگۆشەکەیە.

پرسیارە ژێرخانییەکەش کە پرسیاری بنچینەی سێگۆشەکەیە بریتییە لە: بۆ چی خەڵک قبوڵیانە ببنە گوێڕایەڵی کەسێک یان کۆمەڵێک کەس، خۆ فەرمانڕەوا ئەو دەسەڵات و هێزە زۆرەی بەسەر توندوتیژییدا نییە بۆ ملکەچکردنی هەمووان؟ کەواتە شتێکی دیکە هەیە جگە لە هێزی ڕووت، ئەم گوێڕایەڵیتی قبوڵکردنەش دەمانباتەوە بۆ شتێکی دی کە بە تەواوەتی نازانم ماهیەتی چییە، من بە تەنها توێژەرێکم و بەس... واتە ڕۆڵی من توێژینەوەیە. بەڵام ئەوەی کە لە ئێستادا دەکرێت بوترێت ئەوەیە کە ئەگەر ئەو پرسیارە ماقوڵ بێت ئەوا وەڵامدانەوەی ئاسان و بەڵگەنەویستانە نییە، وەکچۆن ناشتوانین چاو لە شیکردنەوەی ئەو پرسیارە ژێرخانییە بپۆشین، واتە «بۆچی خەڵکی ملکەچی قبوڵ دەکەن» ئەمە ئەگەر هاتوو ویستمان قوڵ و جیدی بیر لە مەسەلەی بنچینەی پەیوەندی دەسەڵات و بنچینەی دەوڵەت بکەینەوە.

پ: هەست ناکەیت ئەمە هەمان ئەو دوو پرسیارەیە کە ڕۆسۆ لە سەرەتای کتێبی پەیمانی کۆمەڵایەتیدا کردوویەتی، کاتێک دەڵێت: «هیچ مرۆڤێک ناتوانێت هێزی ئەوەی هەبێت کە بۆ هەمیشە بەهێزترین بێت»، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا دەوڵەت هەر هەیە! ئەی کەواتە دەسەڵاتی سیاسی لەسەر چ بنەمایەک دادەمەزرێت؟ من کە کتێبی «کۆمەڵگەی دژە دەوڵەت»م خوێندەوە هەستم کرد تێزەکەی تۆش لە خاڵێکی جێگیر و نەگۆڕی زۆر ئاشکرادا زۆر لە تێزەکەی ڕۆسۆ دەچێت: کاتێک کە دەگەڕێتەوە بۆ کۆمەڵگە بچکۆلەکان (لێرەدا بیر لە نووسینەکانی ڕۆسۆ دەربارەی

هیچ دەســـەڵاتێک بەبێ ناچارکردنی ئەوانی دی لەســەر ئەوەی کە لە بەرژەوەندی تۆ کار بکەن، بوونی نییە.

ژنێڤ و کۆرسیکا و دۆڵە بچکۆلەکانی سویسرا دەکەمەوە)، کە ئەمەش بۆ خۆی توێژینەوەیەکە بەرەو مەسەلەی بنچینەی دەسەڵاتی سیاسی ڕاماندەکێشێت.

**کلاستر:** توێژینەوە نییە، بەڵکو ئەمە ئەو شتەیە کە کۆمەڵگە سەرەتاییەکان پێمانیدەڵێت... ڕەنگە کەمێک لە بابەتەکەمان دوور بکەوینەوە، بەڵام لە ڕاستیدا هێشتا هەر لەناو هەمان کایەداین: ئایا ئەو مەرجە پێویستانە چین بۆ هەر کۆمەڵگەیەک بۆ ئەوەی بێدەوڵەت بێت؟ بە ڕای من یەکێک لە مەرجەکان ئەوەیە کە ئەو کۆمەڵگەیە وەکو قەبارە بچکۆلە بێت، لەمەشیاندا بە تایبەتی تەواو هاوڕام لەگەڵ ڕۆسۆدا، چونکە بە ڕاستی خاڵی هاوبەشی نێوان کۆمەڵگە سەرەتاییەکان ئەوەیە کە کۆمەڵگەی بچکۆلەن، مەبەستم لە ڕووە هەرێمی و دیمۆگرافییەکەیە، کە ئەمەش بۆ خۆی مەرجێکی سەرەکییە بۆ ئەوەی دەسەڵاتێکی جیاکەرەوە لەناویدا سەر هەڵنەدات. لەم ڕوانگەیەوە دەشێت بەراوردێک لەنێوان کۆمەڵگە سەرەتاییە بێدەوڵەتەکان و کۆمەڵگە دەوڵەتدارەکاندا بکەین: کۆمەڵگە سەرەتاییەکان لەلایەکەوە بریتین لەو کۆمەڵگایانەی کە بچکۆلە و دیاریکراو و پوختکراوەن، کۆمەڵگەی دابەشبوونی بەردەوامن، کۆمەڵگەگەلێکن زیاتر دەکەونە بەرەی هەمەلایەنییەوە؛ لە کاتێکدا کۆمەڵگە دەوڵەتدارەکان تەواو بە پێچەوانەوە لە بەرەیەکی دیکەدان، بەرەی گەشە و تێکەڵاوبوون، بەرەی یەکبوون و تاکلایەنی. ئەگەر کۆمەڵگە سەرەتاییەکان لە بەرە و لایەنی هەمەلایەنییدا بن و کۆمەڵگە ناسەرەتاییە دەوڵەتدارەکانیش کۆمەڵگەی تاکلایەنی بن، ئەوا دەوڵەت بریتییە لە سەرکەوتنی ئەو تاکلایەنییە.

تۆ باسی "ڕۆسۆ"ت کرد، بەڵام دەتوانین قسەکانی کەسێکی دیکە بە نموونە بهێنینەوە کە بەر لە ڕۆسۆ هەمان ئەو پرسیارە ژێرخانییەی کردوە کە کەمێک پێش ئێستا من کردم: بۆچی خەڵکی گوێڕایەڵ و ملکەچ دەبن، لە کاتێکدا بە ژمارە زۆرترن لەو کەسەی کە فەرمان دەدات و هێزیشیان زیاترە؟ ئەمە پرسیارێکی ئاڵۆز و تەلیسماوییە، بەڵام پرسیارێکی زۆر شیاویشە و سەردەمانێکی زۆر زووتر بەر لە ئێستا لابویسیێ لە

کتێبەکەیدا «وتارێک دەربارەی کۆیلەیێتی بە ویست» زۆر بە ڕوونی وروژاندویەتی. کەواتە ئەوە پرسیارێکی دێرینە، بەڵام مانای ئەوە نییە کە وەڵام دراوەتەوە و تێپەڕێندراوە. من پێم وایە ئەو پرسیارە هەر وەڵام نەدراوەتەوە و بە پێچەوانەوە ئێستا کاتێکی گونجاوە بۆ دووبارە وروژاندنەوەی تاوەکو لانیکەم لەو زەلکاوە مارکسییە دەرمانبهێنێت کە تەواوی بوون و هەبوونی کۆمەڵگە - لێرەدا بە گشتی قسە دەکەم – لە ئابووریدا کورت دەکاتەوە، لە کاتێکدا لە تەواوی ئەو شتانەدایە کە سیاسین.

**پ:** تۆ وتت کە بە شێوەیەکی زۆر ئاسایی دووچاری مەسەلەی مارکسییزم بوویتەوە، ئەی هیچ مامەڵەیەکت لەگەڵ تۆڕی خوێندنەوەی دەروونشیکاریدا نەکردووە، ئەی بۆ ئاماژەی پێ نادەیت؟

**کلاستر:** ئەوەیان شتێکی دیکەیە. سەرەتا دەبێت دان بەوەدا بنێم کە زۆر ئاگاداری ئەدەبیاتی دەروونشیکاری نیم، واتە ئاماژە نەدانم پێی پەیوەندی بە نەبوونی زانیاری خۆمەوە هەیە لەو بوارەدا، پاشان من لە توێژینەوەکانمدا هیچ پێویستییەکن بە خوێندنەوە یان دەروونشیکاری نییە، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە وا هەست دەکەم تێڕوانینم سنووربەند دەکات و جۆرێکە لە کات بەسەربردن، بە هەرحاڵ تاوەکو ئێستا هەستم نەکردوە پێویستمە. وەکچۆن دەبێت ئەوەش بڵێم کە خوێندنەوەیەکی خێرام بۆ هەندێک تێکست دەربارەی ئەنتۆلۆژیا و دەروونشیکاری وایان لێ نەکردم کە ئەو ئاڕاستەیە بگرمە بەر. من تەواو دڵنیام کاتێک دەمەوێت لە مەسەلەی دەسەڵات بکۆڵمەوە، مەبەستم ئارەزووی دەسەڵات گرتنەدەستە، یان ئارەزووی ملکەچی و گوێڕایەڵی لە لایەنەکەی دیکەی هاوکێشەکەوە، واتە ئەوەی لە ژێرەوەیە و ژێردەستە،

دەشزانم کە زاراوەی «ئارەزوو» یەکێکە لە کاتیگۆریاکانی فەرهەنگی دەروونشیکاری، کەچی دواجار ئەو زاراوەیە لە هیگل یان مارکسەوە وەردەگرم، بە ڕاستیش بیڵێم سەرچاوەکانی من زیاتر لەو لایەنەوەن. زۆر بە سادەیی بڵێم، زانیاریم لەو بوارەدا زۆر کەمە، بەڵکو دەشێت بڵێم هیچ لەبارەی دەروونشیکارییەوە نازانم، ئەمە سەرباری ئەوەی کە پێویستم پێی نییە. دیارە ئەمە مانای ئەوە ناگەیەنێت گەر بزانم گەیشتومەتە ڕێگەیەکی داخراو و ئەوە دەروونشیکارییە کە دەتوانێت یارمەتیم بدات، هەوڵی بۆ نەدەم... بەڵام تا ئێستا هەست ناکەم پێویستم بە ئامرازەکانی دەروونشیکارییە، بەڵکو بە پێچەوانەوە هەست دەکەم ئایدیاکانم تێکدەدات، ئەگەر ئایدیاگەلێکیش بەکەڵک نەیەن و کەمبایەخ بن، ئەوا وەرگرتنیان و کارکردن پێیان واقیع دەشێوێنن.

# دەسەڵات لە کۆمەڵگەی بەربەرییدا

**پ**: تۆ پێتوایە بنچینەی جیاوازی نێوان کۆمەڵگەیەکی سەرەتایی و کۆمەڵگەیەکی ناسەرەتایی لەوەدایە کە لە یەکەمیاندا دابەشبوون هەیە و لە دووەمیشیاندا دابەشنەبوون، بەڵام بەلای منەوە پێواری دابەشبوونی نێوان دەوڵەمەند و هەژار، چەوسێنەر و چەوساوە لای گایاکییەکان مانای ئەوە ناگەیەنێت کە دابەشبوونێکی دیکە هەیە لەنێوان ژن و پیاو، هەروەها لەنێوان کەسە ئاسایی و کەسە شازەکاندا. بۆ نموونە لە کتێبەکەتدا «کرۆنیکای هیندییەکانی گایاکی» باسی دوو حاڵەتی دوو پیاوی هۆمۆسێکسوال دەکەیت کە یەکێکیان تەبا و ئەوی دیکەیان ناتەبا بووە لەگەڵ پێودانگەکاندا. داخۆ چەشنی ئەو دەسەڵاتە چی بووە کە بەسەر ئەوی دووەمیاندا پراکتیزەکراوە تا هەست بکات دۆخێکی شاز و ئاوارتەی هەیە؟

**کلاستر**: ئێمە لێرەدا لە دەسەڵاتی سیاسی دوور دەکەوینەوە. ئایا چەشنی ئەو دەسەڵاتە چییە کە لێرەدا پراکتیزەکراوە؟ نازانم، بڵێم تیرۆانینی گروپ؟ تیرۆانینی خێڵ؟ مۆراڵی کۆمەڵگە؟ ئێمە لێرەدا لەبەردەم حاڵەتێکی زۆر ورددایین، چونکە گایاکی بریتین، بەڵکو بریتی بوون – دەبێت لێرەدا بە فەرمانی ڕابردوو قسەیان لەسەر بکەین – لە کۆمەڵگەی ڕاوچییەکان، واتە گەر پیاوێک ڕاوکەر نەبووبێت وەک ئەوە وایە هیچ نەبووبێت. ئەو کەسەیشی کە لێرەدا قسەی لەسەر دەکەین {هۆمۆسێکسوال کە لە ڕوی سێکسییەوە تەواو ناتەبایە لەگەڵ پێودانگەکاندا} بوارێکی گەورەی نەبووە بۆ هەڵبژاردن. ئەو کە ڕاوکەر نەبووبێت بە شێوەیەکی کردەگیانە مانای وابووە کە پیاو نییە، ئەو ماوەیەشی کە دەبێت بەرەو لاکەی تر بیبرێت، بەرەو لای توێژەکەی دیکەی کۆمەڵگە کە جیهانی ئافرەت بووە، زۆر دوور نەبووە. بەڵام نازانم کە ئایا شیاوە لەم حاڵەتەدا زاراوەی دەسەڵات بە

کار بهێنێت. بە هەر حاڵ، مەسەلەکە پەیوەندەی بە دەسەڵاتەوە نییە بەو مانایەی کە تا ئێستا باسمان کردوە، واتە دەسەڵاتێک کە سروشتێکی سیاسییانەی هەیە.

**پ**: کەواتە دەسەڵاتێکی زۆرەملێیانە نییە؟ ئایا کەشف نەکردنی دەسەڵاتێک کە لە کەسێکدا بەرجەستە بووە لەپشت ئەوەوە نییە کە بڵێین ئێمە هەمووومان لەبەردەم کۆمەڵگەیەکداین بەبێ دەسەڵات؟ دابەشبوونەکان هەن، جۆرێک لە پرۆسەی دزێوکردنی کۆمەڵایەتی هەیە کە وادەکات تاکەکان ئازادانە رەفتار نەکەن. لەو لایەنەشەوە کە تایبەتە بە پەیوەندییەکانی هاوسەرگیری، دەبێت ئەو پیاوی کە رەتی دەکاتەوە هاوسەرەکەی مێردێکی دیکەی هەبێت، پاش ماوەیەک رازیبوونی خۆی بەرامبەر بەو ڕاستییە نیشان بدات کە بۆتە واقیع (کرۆنیکای هیندییەکانی گایاکی). کەواتە دەسەڵات هەیە، مادامەکی پێودانگ بۆ ڕەفتار هەیە؟

**کلاستر**: ئەوانە پێودانگەلێکن کە لە لایەن تەواوی کۆمەڵگەوە سەپێنراون، نەوەک لە لایەن توێژێکی دیاریکراوەوە. ئەوانە پێودانگەکانی کۆمەڵگە خۆیین، واتە ئەو پێودانگانەی کە بەهۆیانەوە و لە ڕێیانەوە کۆمەڵگە خۆی یەکدەخات و یەکانگیر دەکات، واتە پێودانگەلێکن کە هەمووان ڕێزی دەگرن بەبێ ئەوەی لە لایەن هیچ کەسێکەوە سەپێنرابن. پێودانگەکان لە کۆمەڵگە سەرەتایی و تابوویەکاندا و... تادوایی، وەک ئەو یاسایانە وان کە لە کۆمەڵگەکانی ئێمەدا هەن، واتە دەشێت بە ئەندازەیەکی کەم ببەزێنرێن. لێرەدا مەسەلەکە پەیوەندی بە سەپاندنی پێودانگەکانی توێژێکی کۆمەڵایەتییەوە نییە بەسەر تەواوی کۆمەڵگەدا، بەڵکو پێودانگەکانی کۆمەڵگە خۆیەتی و پەیوەندی بە دەسەڵاتەوە نییە. پاشان با بپرسین دەسەڵاتی کێ و بەسەر کێدا؟ ئەوە دەسەڵاتی کۆمەڵگەیە لە کۆی خۆیدا، چونکە دابەش نەکراوە، دەسەڵاتی کۆمەڵگەیە وەک گشتێک بەسەر ئەو تاکانەدا کە پێکی دەهێنن. پاشان ئایا تاکەکان چۆن فێری ئەو پێودانگانە دەبن، وەریدەگرن و دەیبەنەوە ناوەوە؟ بە

گوزەراندن و مناڵ گەورەکردن.. تادوایی. لێرەدا ئێمە دوورین لە کایەی دەسەڵاتەوە، بەم مانایەش خۆی، دەسەڵاتی «باوکێک» بەسەر کوڕەکانیدا لە کۆمەڵگە سەرەتاییەکاندا، یاخود دەسەڵاتی پیاوێک بەسەر هاوسەرەکەی یان هاوسەرەکانیدا هیچ پەیوەندی بە دەسەڵاتی سەرکردەیەکەوە نییە بەسەر ئەو خەڵکەدا کە ملکەچین و دەیپەرستن، پێویستە کایەکان تێکەڵ نەکەین.

**پ:** دابەشکردنێک هەیە بۆ کایە لەنێوان شار و لادێدا، کە بە ڕای "هێنری لوفابێر" دابەشکردنێکی حەتمییە. تۆش لە کتێبی «کرۆنیکای هیندییەکانی گایاکیدا» و بە تایبەتی لە بەشێکی کتێبی «کۆمەڵگە دژی دەوڵەت»دا بە ناوونیشانی «کەوان و سەبەتە» زۆر تیشک دەخەیتە سەر بەرجەستەکردنی دابەشکردنێکی دیکە لەنێوان کایەی نێرینە و کایەی ئافرەتیانە. ئایا ئەو دابەشکردنە بۆ چییە؟

**کلاستر:** ئاساییە کە لەو حاڵەتەدا دابەشکردنێکی لەو جۆرە هەبێت. با ئەوەمان لە یاد نەچێت کە مەسەلەکە پەیوەندی بە ڕاوکەرە کۆچەرییەکانەوە هەیە. دیارە ئاساییە کە دوو بواری تەواو لێک جیاوازمان هەبێت، مادامەکی ڕاو کاری پیاوە، پرۆسەیەکە کە لە دارستاندا ڕوودەدات و دەکرێت، واتە لە بواری دارستاندا. ئەگەر هەمووانیش لە دارستاندا دەژین، ئەوا جیاوازییەک هەیە لەنێوان دارستان وەک ئاوایی، لە کوێدا نیشتەجێ دەبین و دەنوین و دەخۆین ... تادوایی، واتە ئەو بوارەی کە بۆ هەمووان ڕەخساوە (پیاوان، ئافرەتان، منداڵان و بەتەمەنەکان..) و نێوانی دارستان وەک بواری ئەو چالاکییانەی کە پیاو وەک ڕاوکەر زۆربەی زۆری کاتەکانی خۆی تێدا دەباتە سەر. سەرباری ئەوەش دەبینین کە بەپێی پێکهاتەی دیموگرافییانەی گایاکی (چونکی ژمارەی ژنان لە پیاوان زیاترە)، هەر بۆیە ئاوایی زیاتر مۆرکێکی ئافرەتییانەی هەیە تا پیاوانە، چونکە پیاوان هەموویان دەچن بۆ ڕاو لەبەرامبەر مانەوەی ئافرەتاندا لە ئاواییەکەدا. ئالێرەوەیە کە دەتوانین بەبێ ئەوەی زیادەڕەوی لە قووڵبوونەوەی ئەو ناکۆکییەدا بکەین، دوو بوار

لەیەک جیابکەینەوە: دارستان کە بواری ڕاو و نێچیرە، واتە بواری پیاوانە وەک ڕاوکەر، هەروەها ئاواییش کە بوارێکی ئافرەتانەیە لەگەڵ منالآن و چێشتخانە و ژیانی خێزانی و ... تادوایی. ئەمەش ناکاتە ئەوەی کە بڵێین هەندێک دەسەلآتیان بەسەر هەندێکی دیکەدا هەیە.

پ: لە ڕاستیدا بواری دابەشکراوی نێوان لادێ و شار، بوارێکی هیرارکییانەی دەسەلآتئامێزە. ئایا لەو حاڵەتەی کە ئێمە باسی دەکەین پەیوەندییەکی هیرارکییانەی هاوشێوە نییە لەنێوان هەردوو بواری نێرینە و ئافرەتییانەدا؟

**کلاستر**: نا، بە هیچ شێوەیەک، تەنانەت ئەگەر حاڵەتی دیکەشمان وەرگرت. ئێمە لێرەدا لەبەردەم حاڵەتێکی تایبەتداین، ئەوان ڕاوکەری کۆچەریین، بوونی کۆمەڵگەی ڕاوکەرە کۆچەرییەکانیش شتێکی دانسقەیە (ڕاستتر بڵێم جاران زۆر دانسقە و کەموێنە بووە)، تەنانەت گەر بەربلاوترین حاڵەتمان لە بەرچاو گرت کە بریتییە لە حاڵەتی کۆمەڵگە سەرەتاییەکانی چێنەرە دامەزراو و جێگیرەکان (کە ئەوەیان حاڵەتی زۆرینەی هەرە زۆری هیندییەکانی ئەمریکای باشوورە، دیارە من لێرەدا باس لە دانیشتوانی «ئالاند» ناکەم بەڵکو مەبەستم لە هیندییەکانی دارستانەکانە، ئەو بەربەرییە ڕووتوقووتانەی لە دارستان و جەنگەڵەکانی ئەمازۆندا بە پەڕ خۆیان پۆشیوە.. ئەوان تاڕادەیەک هەموویان چێنەری جێگیر و دامەزراون، تەنانەت لەو کاتانەشدا کە هەندێک چالاکی ڕاویان لە وشکانی یان ڕووبارەکاندا هەبێت، وە یا چالاکی کۆکردنەوەی ڕووەک، هەر چێنەری جێگیر و دامەزراون)، ئەوا هیچ جیاوازییەک نییە لەنێوان

شـــارەکـان تەمەنیـان هێنـدەی تەمەنی دەوڵەتەکـانە، لە کوێشــــدا شـــارێـک و پراکتیزەکردنی پەیوەنـدییەکـانی دەســـەلآت هەبوو، ئیدی جیاکاری لەنێوان شـار و گونددا سەر هەڵدەدات

لادێ وەک وێنەیەکی سەرەتایی بۆ شار و نێوانی گوند. دیارە ئەمەیان پەیوەندی بە بابەتەکەمانەوە نییە. جیاکاری نێوان گوند و شار تەنها لە حاڵەتی بوونی شارێکدا بەرجەستە دەبێت کە خەڵکی غەیرە گوندنشینی تێدا بژی، چونکە لادێیی خۆی دەکاتە هاوشێوەی لادێ، لە کاتێکدا دانیشتوانی شار بۆرژوان، واتە ئەوانەن کە لە بورجەکاندا دەژین و سەرکردەکان کۆنترۆڵیان کردوون، وەکچۆن سەرەتا سەرکردەکان لە شاردا دەژین. جیاکاری نێوان شار و گوند تەنها لەگەڵ دەرکەوتن و سەرهەڵدانی دەوڵەتدا دەردەکەوێت، چونکە دەوڵەت، یان وێنەی دیسپۆتیست ئەو کاتە دەردەکەوێت کە سەنتەرێک هەبێت خاوەن قەڵا و پەرستگا و عەمارگەی تایبەت بە خۆی بێت.. ئالێرەشدا زۆر بە زەقی جیاوازی نێوان سەنتەر و تەواوی بوارەکەی دی دەردەکەوێت، ئیدی شار دەبێتە سەنتەر، هەمو ئەوەی دیش کە دەمێنێتەوە دەبێتە گوند. دیارە ئەم جیاوازییە لە کۆمەڵگەی سەرەتاییدا بوونی نییە، تەنانەت لەگەڵ بوونی گرووپی سەرەتایی قەبارە گەورەشدا، چونکە قەبارە هیچ شتێک لە مەسەلەکە ناگۆڕێت، گەر مەبەست لە باندێک ڕاوکەری گایاکی بێت کە لە ٣٠ کەس پێکهاتووە یان گوندێکی گارانی کە ١٥٠٠ کەس نیشتەجێیەتی. کەواتە بەبێ بوونی دەوڵەت بە هیچ شێوەیەک جیاکاری لەنێوان شار و گونددا نییە، واتە لە حاڵەتی بوونی سەرکردەیەکدا کە شوێنی نیشتەجێبوون و پایتەخت و عەمارگە و پەرستگا و... تادوایی، هەبێت. کەواتە ئەوە دەوڵەتەکانن کە شارەکان دەخوڵقێنن، شارەکان تەمەنیان هێندەی تەمەنی دەوڵەتەکانە، لە کوێشدا شارێک و پراکتیزەکردنی پەیوەندییەکانی دەسەڵات هەبوو، ئیدی جیاکاری لەنێوان شار و گونددا سەر هەڵدەدات. ئەمەش بە پلەی یەکەم دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە شارنشینان، ئەوانەی کە لە دەوری فەرمانڕەوان، دەبێت بخۆن و بژین، کە ئەمەش وا دەکات ئەوانەی لەدەرەوەی شار دەژین، واتە گوندنشینەکان کار بۆ سوود و قازانجی ئەوان بکەن. ئا لێرەوەیە کە دەکرێت بڵێین وێنەی گوندنشین لەناو دەزگای دەوڵەتیدا نەبێت دەرناکەوێت. گوندنشین ئەو کەسەیە کە لەگوند دەژی و بە شێوەیەکی ڕێژەیی کار لە قازانجی ئەو فەرمانڕەوایانە

دەکات کە لە شار دەژین، واتە سەرانە دەدات لە فۆرمی خزمەتی تایبەتی وەک سوخرەکێشی یان پێشکەشکردن و دانی بەروبومی کێڵگەکانی... بەڵام ئایا سەرانە کەڵکی چییە؟ کەڵکی سەرانەدان بە پلەی یەکەم بۆ دەرخستن و بەرجەستەکردنی دەسەڵاتە، ئاماژەی دەسەڵاتە! جگە لە سەرانەدانیش، هیچ ئامرازێکی دیکە نییە بۆ دەرخستنی واقیعی دەسەڵات. داخۆ ئەو کەسەی کە دەڵێت من سەرۆکم و دەسەڵاتدارم، چۆن دەسەڵاتدارێتییەکەی دەسەلمێنێت؟ تەنها بەوە دەبێت کە داوای شتێک بکات، ئەو شتەش پێی دەوترێت سەرانە (دیارە دەکرێت بە مانای خەراج و باج و بەرتیلیش بێت - و.ک-). کەواتە سەرانەدان سیمبولی دەسەڵاتە، لە هەمان کاتیشدا ئامرازی درێژەپێدانیەتی، تاقە ڕێگەی گەرەنتییە بۆ بەردەوامی بازنەی دەسەڵات و هەموو ئەوانەی لە چواردەوری سەرۆکن، واتە بۆ بەردەوامبوونی بیرۆکراتی. چونکە بیرۆکراتی تەنها ئەو کاتە لەدایک دەبێت کە سەرۆکێک هەیە، ئەو سەرۆکە یاخود دیسپۆتە هەر زو ئەو پاسەوان و جەنگاوەرانە لە چواردەوری خۆی خڕ و کۆدەکاتەوە کە گەرەنتین بۆ دەسەڵاتەکەی... ئەوانەش دەتوانن زۆر بە زوویی بگۆڕێن و ببنە فەرمانبەری پسپۆڕ لە کۆکردنەوەی سەرانە و باج و خەراج و حیسابکردنیدا، ئەوانە دەبنە ژمێریار، کاهین.. تادوایی. بە مانایەکی دی، دەمودەست و شانبەشانی هەڵتۆقین و دروستبوونی سەرۆک، دەستەدەستە سەرباز و فەرمانبەر و نووسەر و کاهین دەردەکەون. تەنها ئەوەندەش بەسە کە بواری پیادەکردنی دەسەڵات کەمێک بەرفراوان بێت تا هەموو ئەوانەی لەدەوروبەری سەرۆکن، هەر لە کاهین و سەرباز، نووسەر و فەرمانبەر و چاودێر و... تادواییەوە بیگرە، ژینێکی ئەریستۆکراتی و شاهانە بژین. بێگومان هیچ کام لەوانە کار ناکەن، چونکە ئەوان سەرقاڵی شتێکی دیکەن، نە بە ئەنگێزەی تەمەڵیی یان ئارەزوو وەک لای «مامۆستا»کەی هیگڵ هەیە، بەڵکو بەهۆی سەرقاڵبوونیان بە کارەکانیانەوە وەک کاهین و ژەنراڵ و فەرمانبەران و .. تادوایی.، ئەوان ناتوانن خزمەتی خاک بکەن و مەڕوماڵات بەخێوبکەن، هەر بۆیە دەبێت ئەوانی دی لە پێناوی ئەماندا کار بکەن.

**پ:** لەکۆمەڵگەی سەرەتاییدا ئەفسونگەران «شامانەکان» هەن، دەکرێت چۆن باس لە پلەوپایەیان بکەین؟

**کلاستر:** لێرەدا کەمێک دەگەڕێینەوە بۆ ئەوەی کە پێشتر باسمان لێوەکرد، واتە ئەو تەلیسمە ئاڵۆزەی کە گەمارۆی زاراوەی دەسەڵاتی داوە.

**پ:** بەڵێ، پێم وایە مەبەست لە هەندێک پرسیارمان ناسینی ئەو چەشنە ئاڵۆزییەیە کە تایبەتە بەوانەی کە ناچاریی و زۆرەملێیی گەمارۆیداون، ئەوانەی لەلایەکەوە پرۆسەی یەکخستنی کۆمەڵایەتی دەستەبەر دەکەن، لەلایەکی دیکەشەوە گەرەنتین بۆ بوونی دەسەڵاتی سیاسی. وابزانم تۆ زۆر بە ڕوونی ئەم دوو شتەت لە یەک جیاکردەوە، بەڵام ئەو خاڵەی یەکەمیان زۆر ڕوون نەبوو، ئەم خاڵەش لە هەموو ئەو پرسیارانەی دی زیاتر شۆکی کردین کە ئاڕاستەمان کردیت.

**کلاستر:** جارێ تۆ باسی ناچاریی دەکەیت، لەکۆمەڵگە سەرەتاییەکاندا شتێک نیە بە ناوی ناچارییەوە.

**پ:** نموونەمان بۆ ئەو ناچارییە پێویستی بەخشینە، واتە پێویستی ئەوەی کە بدەیت و وەربگریت.

**کلاستر:** مەبەستت ئاڵوگۆڕ و ئاڵوگۆڕکارییە! بێگومان ناکرێت نکوڵی لە پێویستیبوونی ئاڵوگۆڕ، ئاڵوگۆڕی خێر و خزمەتگوزارییەکان بکەیت، بۆ نموونە ئاڵوگۆڕی ئافرەت لە پێناو ڕێزگرتنی بنەماکانی هاوسەرگیری، بەر لەویش تابووکردنی سێکس لەگەڵ مەحرەمەکان بەڵام ئاڵوگۆڕیی ئەو خێرانەی کە دیارن و ڕۆژانە دەکرێن لە بنەڕەتدا پەیوەندی بە خۆراکەوە هەیە و جگە لە خواردن و خۆراک شتێکی دیکە نابینین بۆ ئاڵوگۆڕی پێ کردن بشێت. بەڵام ئایا ئەو ئاڵوگۆڕە لەنێوان کێ و کێدا دەکرێت؟ کێن

ئەوانەی ئەو تۆڕی گوێزانەوەی خێرە دەیانگرێتەوە؟ لە بنەڕەتدا ئەوانە خزمەکانن، واتە خزمایەتییە، ئەڵبەتە بە تەنها خزمایەتی لەسەر بنەمای خوێن ناگرێتەوە، بەڵکو زاواکان و هاوپەیمانەکانیش. ئەوە ئەرکێکە، بەڵام ئەرکێکە هاوشێوەی ئەوەی کە ئێمە بە ئەرکی دەزانین دیارییەک ببەخشینە برازایەکمان، یاخود چەپکێ گوڵ ببەخشینە نەنکمان. سەرباری ئەوەش، ئەوە ئەو تۆڕەیە دەستنیشانی ئەو شتانە دەکات کە ئێمە بە گەرەنتیی کۆمەڵایەتی ناوی دەبەین، داخۆ لەکۆمەڵگەی سەرەتاییدا تاکەکەس بە پلەی یەکەم پشت بەکێ ببەستێت؟ بێگومان بە خزمەکانن. لە خواردن پێدانیش زیاتر، هیچ ئامرازێکی دیکە نییە وامان لێ بکات پێشبینییەکانی یارمەتیمان بۆ خزم و هاوپەیمانەکانمان لە کاتی پێویستدا نیشان بدەین. کەواتە ئەوە سوورێکی بەردەوامی بەخشینی دیاری خنجیلانەیە و کارێکی زێدە ئاڵۆز نییە. کاتێک مرۆڤ خواردن ئامادە دەکات، جا گۆشت بێت یان هەر شتێکی دی، ئەوا خێرا بە یەکێک لە کوڕەکانی دەڵێت کە بەشێکی زۆر کەمی خواردنەکە، بەشێکی رەمزی کە هێندەی ژەمێک نابێت، ببات بۆ فڵانە کەس یان یەکێک لە خزم و هاوپەیمانەکانی. تۆ بڵێی بۆ وابکەین؟ چونکە دەزانین ئەوانیش هەمان شت دەکەن، هەروەها دەکرێت لە کاتی دەرد و موسیبەتی کوشندەدا پشتیان پێ ببەستین. ئەوە جۆرێکە لە گەرەنتی، گەرەنتیی کۆمەڵایەتی. پەیوەندی بە گەرەنتییەکی کۆمەڵایەتییەوە هەیە کە بە هیچ شێوەیەک پەیوەندی بە دەوڵەتەوە نییە، بەڵکو بۆ خزمایەتییە. کەسی بەربەری (وەحشی) هەرگیز شتێک نادات و نابەخشێتە کەسێک کە لەبەرامبەردا چاوەڕوانی شتێکی لێ نەکات، شتی وا لە خەیاڵی ئەودا نییە! هەر بۆیە دەبینین کە کایەی ئاڵوگۆڕەکان – لە بنەڕەتدا نەک بە تەواوەتی – بەسەر تۆڕەکانی هاوپەیمانێتی و خزمایەتیدا داخراون. دیارە بێگومان دەشێت چەشنی دیکە لە ئاڵوگۆڕ هەبێت کە فەرمانی جیاوازتریان هەبێت و سرووتئامێزتر بن، وەک ئەوەی کە بۆ نموونە تایبەتە بە پەیوەندییەکانی نێوان خێڵێک و خێڵێکی دیکە، ئالێرەشدا بە مانایەک لە ماناکان دەکەوینە ناو سیستمی «پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانەوە»، ئەگەرچی ئاڵوگۆڕەکان لەنێوان خزمەکان و هاوپەیمانەکانی ناو

هەمان خێڵدا دەبێت. کەمێک پێش ئێستا باسی جادووگەرت کرد. بێگومان دەشێت جادووگەر لە هەموو کەس زیاتر دەسەڵات بەدەست بهێنێت. بەڵام داخۆ دەسەڵاتەکەی چی بێت؟ دیارە دەسەڵاتەکەی سروشتێکی سیاسی نییە، مەبەستم لەوەیە کە پلەوپایەی جادووگەر لە کۆمەڵگەدا وای لێ ناکات بڵێت: «من سەرۆکم و دەبێت ئێوەش ملکەچ و گوێڕایەڵم بن»، ئەمە مەحاڵە. دەشێت جادووگەرگەلێک هەبن بەناوبانگ کە بەپێی گرووپەکان و توانا جادووگەرییەکانیان بەهێز یان لاواز بن، تەنانەت جادووگەری زۆر بەناوبانگ هەن کە ناو و ناوبانگیان بۆ ڕووبەر و مەودای زۆر دوور بڵاوبۆتەوە، بە شێوەیەک کە گەیشتۆتە گرووپگەلێک کە لە بنەڕەتدا هەر نایناسن. جادووگەر وەک پزیشکێک، واتە وەک سەروەری نەخۆشییەکان، هەم سەروەری ژیانە و هەم مەرگیش. کاتێک جادووگەر نەخۆشێکی چارەسەر کردووە، ئەوا نەخۆشییەکەی لێ دەرهێناوە، واتە نەخۆشییەکەی لە لەشی نەخۆشەکە هێناوەتە دەرێ، هەر بۆیە وەک چاککەرەوەیەک بە سەروەری نەخۆشییەکان زانراوە. بەڵام لە هەمان کاتدا بە سەروەری مەرگیشیان زانیوە، واتە ئەو کەسەی کە دەستکاری نەخۆشییەکان دەکات. مادامەکی جادووگەر دەتوانێت نەخۆشی لاببات، واتە نەخۆشێک لە دەردی نەخۆشی ڕزگار بکات، ئەڵبەتە دەتوانێت ئەو نەخۆشییە بخاتە لەشی کەسێکی دیکەوە. ئەمەش ئەو شتەیە کە وادەکات پیشەی جادووگەری هیچ ئارامیی و پشوویەکی تێدا نەبێت، چونکە ئەگەر هاتوو شتێکی نائاسایی لە کۆمەڵگەدا ڕوویدا (ئەگەر جادووگەر بە بەردەوامی لە چارەسەرەکانی یان هەر کارێکی دیکەیدا نووشوستی هێنا)، ئەوا دەبێتە قۆچی قوربانی و هەمو ئەو شتە نائاساییانەی دەخرێتە ئەستۆ کە لە کۆمەڵگەدا ڕوودەدەن، ئەو دەبێت بەرپرسیارێتی هەموو ئەو شتانە بگرێتە ئەستۆ کە خەڵکی دەترسێنن و تووشی دڵەڕاوکێیان دەکەن، هەروەها بەرپرسیاریشە لەبەر ئەوەی سەروەری ژیانە، هەروەها سەروەری مەرگیشە. هەر بۆیە تۆمەتگەلێکی زۆری دەخرێتە پاڵ و بە هۆکاری نەفرەتەکان و تووشبوونی مناڵان بە نەخۆشی و پەتاکان و... تادوایی، دادەنرێت. ئەی لە دۆخێکی وادا چی دەکەین؟ لە زۆربەی

حاڵەتەکاندا جادووگەرەکە دەکوژرێت! بەڵێ دەکوژرێت. هەر بۆیە پێشتر وتم کە پیشەی جادووگەری پیشەیەکی خۆش نییە. بەڵام لە هەموو حاڵەتەکاندا، هەموو ئەو شکۆ و ڕێزەی کە جادووگەرێک لەناو خێڵدا هەیەتی هیچ شانس و هەلێکی بۆ نارەخسێنێت -جا ئەو شانسە چەندە کەمیش بێت - دەوڵەت دابمەزرێنێت و بڵێت: «من فەرمانڕەوام»، ئەو تەنانەت هەر بیریشی لێناکاتەوە.

**پ:** ئایا شکۆی جادووگەر جێی گومان نییە؟ چونکە ئەو کەسێکی پیرۆز و موقەدەس نییە، وەک لەو دوو حیکایەتەشدا کە لەبارەی جادووگەرانەوە باست کردن، بینیمان کە چۆن دەبنە گاڵتەجاڕ.

**کلاستر:** جادووگەران هەرگیز لە بواری موقەدەسدا نەبوون. دیدی جادووگەر بۆ هیندییەکان تەواو جیاوازە لە دیدی پاپای کەنیسە بۆ هیندییەکانی ئالاند یاخود هیندییەکانی ئینکا یان بۆ مەسیحییەک لای ئێمە. دەکرێت بە کورتی بڵێین دەشێت ئەو کاتەی کە نەخۆش دەکەوین پشت بە جادووگەر ببەستین، بەڵام ئەوەش بزانین کە دەبێت کەمێک بسڵەمینەوە چونکە ئەو چەندەها دەسەڵاتی هەیە. ناڵێم دەسەڵاتی هەیە، بەڵکو چەندەها دەسەڵاتی هەیە و ئەمەش تەواو جیاوازە، چونکە ئەو کۆمەک لە ڕۆحەکان وەردەگرێت (چۆن و بۆچی ڕۆحەکان یارمەتی دەدەن؟ چونکە ئەو فێری ئەوە بووە، مرۆڤیش بۆ ئەوەی ببێتە جادووگەر، ڕێگەیەکی دورودرێژی لە بەردەمدایە. جادووگەری ساڵانێک کاری دەوێت کە دەشێت پێی بڵێین کاری توێژینەوە)، ئەو چەندەها دەسەڵاتی هەیە، بەڵام هەرگیز ئەوە دەسەڵاتی پێنابەخشێت، ئەو خۆی دەسەڵاتی ناوێت! چیش لە دەسەڵات بکات؟ پاشان خەڵکی گاڵتەی پێدەکەن! بە ڕای من نابێت لە شکۆ و هەیبەتی جادوگەردا بەدوای دەسەڵاتدا بگەڕێین، چونکە دەسەڵات لەو لایەنەوە نییە.

**پ:** جادووگەر سرووشبەخشە، ئایا هیچ پەیوەندییەک لەنێوان جادووگەر و پێغەمبەردا هەیە؟

**کلاستەر:** هەرگیز، مەسەلەکە تەواو جیاوازە. جادووگەرەکان بە دیاریکراوی بریتین لەو پزیشکانەی کە تیمار و چارەسەری خەڵک دەکەن و لە هەمان کاتیشدا دوژمنان دەکوژن. جادووگەر ئەگەر داوای لێ بکرێت، ئەوا ڕۆڵەکانی هۆزەکەی و هۆزە هاوپەیمانەکانی چاک دەکاتەوە و دوژمنەکانیش دەکوژێت، بەم مانایەش جادووگەر ئامرازێکە بە دەست هۆزەوە. ئەی چۆن دەیانکوژێت؟ ئەو وەک جادووگەرێک دەیانکوژێت: هەموو سوپاکەی کە لە ڕۆحی خراپ و شەڕانگێز پێکهاتوون، بانگیان دەکات و بۆ کوشتنی دوژمنەکانی کۆیان دەکاتەوە. بۆ نموونە گەر کوڕێک یان کەسێکی بەتەمەن لە هۆزێکدا نەخۆش کەوت و جادووگەر نەیتوانی چاکی بکاتەوە، ئەوا کوڕانی ئەو هۆزە دەڵێن: «جادووگەری فلانە هۆز کوشتی»، گرنگی و پێویستی تۆڵە و پەلاماری هۆزی بکوژییش هەر لێرەوە دێت. ئەوە سروشتی جادووگەرە، وەک پزیشکێک لە قازانجی هۆزەکەی و ئامێرێکی جەنگیش لە دژی دوژمنەکانی کار دەکات. بەڵام پێغەمبەر هەرگیز نابێتە پزیشک، هەرگیز تیماری کەس ناکات. بۆ ڕوونکردنەوەی ئەمەش نموونەیەک لە ئەمریکای باشوورەوە دەهێنینەوە. خێڵەکانی توپی-گوارانی پێغەمبەریان هەبووە، بەڵام هەموو هەواڵدەرەکان زۆر بە ئاشکرا جیاکاری دەکەن لەنێوان جادووگەران وەک فاڵچی و وەک پزیشک لەلایەک، هەروەها نێوانی پێغەمبەران لەلایەکی دیکەوە. پێغەمبەران قسەیان کردووە و لە گەشتی نێوان هۆز و گوندەکاندا وتاریانداوە وەکچۆن ناوی تایبەت بە خۆشیان هەبووە و پێیان وتراوە «کارای»، لە کاتێکدا جادووگەران بە «پاژی» بانگکراون. جیاوازییەکەش لێرەدا زۆر ئاشکرایە، تەنانەت دەتوانم لەوە زیاتر بڕۆم و بڵێم هیچ پێغەمبەرێک نەبووە کە پێشتر جادووگەر بووبێت، لە ڕاستیشدا وێنەی پێغەمبەر تەواو جیاوازە لە وێنەی جادووگەر.

JINEFTIN.KRD
ماڵپەڕێکی هزری و کولتوورییە

**پ:** لە پەراوێزی یەکێک لە وتارەکانتدا بە ناونیشانی «یاداشتەکانی گێرینیمۆ»، وەک جادووگەری جەنگ وەسفی گێرینیمۆت کردووە. مەبەستت چی بووە لەوە؟

**کلاستر:** ئەڵبەتە نازانم. ئەوە هیچ بایەخێکی ئەوتۆی نییە، چونکە گێرینیمۆ سەرکردەیەکی جەنگی بووە. دەشێت هەندێک توانای جادووگەرییانە و هەندێک زانیاری دەربارەی سروودە تایبەتییەکان هەبووبێت، بەڵام لە بنەڕەتدا سەرکردەیەکی جەنگی بووە.

**پ:** با بێینەوە سەر مەسەلەی جەنگ: ئایا شوێنگەی جەنگ لە کۆمەڵگە سەرەتاییەکاندا چییە؟ کە ئەمەش بۆ خۆی دەمانباتەوە سەر مەسەلەی ئەوەی کە ئایا پێویستە قسە لەسەر کۆمەڵگەی گۆشەگیر یاخود کۆمەڵێک کۆمەڵگە و پەیوەندییەکانی نێوانیان بکەین. ئایا جەنگ دیاردەیەکی ئاوارتەیە یان بەشێکە لە ژیانی ڕۆژانەی هۆز؟ ئەگەر باسیشمان لە ڕۆڵی سەرکردە لە سەردەمی جەنگدا کرد، ئایا چ مانایەکی دەبێت؟ ئایا مەسەلەکە پەیوەندی بە دیاردەیەکی ئاوارتەوە هەیە یان ئەوە شتێکە کە ڕەوتی ژیانی کۆمەڵایەتی دەیخوازێت؟

**کلاستر:** بە دڵنیاییەوە کە جەنگ لە خودی هەبوونی کۆمەڵگە سەرەتاییەکاندا هەیە، چونکە کۆمەڵگەی سەرەتایی ناتوانێت بەبێ بوونی جەنگێکی بەردەوام ئیش بکات. دیارە ئەمە بە مانای ئەوە نایەت کە بەربەرییەکان شەو و ڕۆژ و هەموو کات و ساتێک خەریکی شەڕوشۆڕن. کاتێک دەڵێم جەنگ بەردەوامە، مەبەستم لەوەیە کە هەمیشە هۆز لە

کۆمەڵگەی سەرەتایی ناتوانێت بەبێ بوونی جەنگێکی بەردەوام ئیش بکات. مەبەستم لەوەیە کە هەمیشە هۆز لە ئاسۆکانیدا دوژمنێکی هەیە

ئاسۆکانیدا دوژمنێکی هەیە، واتە شیمانەی ئەوەی کە دووچاری هێرش بین شتێکە بە بەردەوامی ئەگەرێکە و لەگۆڕێیە. ئەگەرچی دەستدرێژییەکان زۆر بەکەمی نەبێت ڕوونادەن، بەڵام دوژمنایەتی نێوان هۆزەکان بەردەوامە، جەنگ بەردەوامە بەو مانایەی کە دۆخی جەنگ بەردەوامە. بۆچی؟ دیسان لێردا دەگەڕێینەوە سەر ئەو خاڵەی پێشتر سەبارەت بە قەبارەی کۆمەڵگەکان باسمان کرد. ئەو مەرجانە چیین کە بە خاڵی ناسەرەوەی سەرەتاییبوونی کۆمەڵگەیەک دادەنرێن؟ یەکێک لەو مەرجە جەوهەریانە بریتییە لە بچوکی قەبارەی کۆمەڵگە یان هۆز، چونکە – لانیکەم تا ئەوەندەی من بزانم – ناکرێت کۆمەڵگەیەک هەبێت قەبارە گەورە بێت و لە هەمان کاتیشدا سەرەتایی بێت. بۆ ئەوەی کۆمەڵگەیەک سەرەتایی بێت، دەبێت بچوک بێت و نەیەوێت گەورە بێت. بۆئەوەی ئەم خواستەشی بەدی بێت، پەنا دەباتە بەر تەکنیکێکی گەردوونیانە کە زۆربەی کۆمەڵگە سەرەتاییەکان پەنای بۆ دەبەن، ئەویش تەکنیکی پارچەپارچەبوون و دابەشبوونە و لە کۆمەڵگە هیندی و ئەمریکییەکاندا دەیبینین. دیارە جەنگیش لە گرنگی ئەمە کەم ناکاتەوە، بەڵام گۆڕان لە دۆخی بەردەوامیی جەنگەوە لە کۆمەڵگە سەرەتاییەکاندا بۆ جەنگی ڕاستەقینە لەسەر زەمینەی واقیع لە کاتی جیاجیادا، ئەوەیان کارێکە بەپێی ڕادەی توندیی جەنگەکە دەکرێت. ئەگەر کۆمەڵگە سەرەتاییەکان هەموویان جەنگاوەر بوبن یان کەمتازۆر وا بووبن، ئەمە مانای ئەوە ناگەیەنێت کە هەموویان خاوەنی هەمان توندیی بوون. چونکە کۆمەڵگە هەبووە زۆر جەنگاوەر بووە و هەشبووە کەمتر دلێر و توند، بەڵام دواجار بەلای هەمووانەوە و لە هەموو حاڵەتەکاندا جەنگ بەشێک بووە لە ڕەوتی ژیانیان. داخۆ جەنگ چی بەرهەم دێنێت؟ جەنگ بەرهەمهێنەری پاراستنێکی بەردەوامی جیاوازیی نێوان هۆزەکانە. چونکە لە سایەی بوونی دوژمنەکاندا بێگومان پەیوەندییەکانمان بەرامبەریان دوژمنکارانە دەبێت، واتە پەیوەندی لەسەر بنەمای جودایی و جیاوازیی. ئەم پەیوەندی جیابوونەوانەش شانبەشانی دوژمنایەتی کە لە جەنگی کردەگیانەدا دەگاتە لوتکە و ترۆپکی خۆی، لەگەڵ ئەنجامەکانی جەنگدا ڕۆڵی پاراستنی جیاکاریی و جیاوازیی نێوان

هۆزەکان دەبینێت، واتە ڕۆڵی دابەشبوون. بەڵام ئەنجامی گەورەی جەنگ لە خولْقاندنی بەردەوامی فرەیی دایە، کە بەوەش ناهێڵێت ئەگەری هیچ حاڵەتێکی پێچەوانە بێتە ئاراوە. مادامەکی هۆزەکان ناتوانن بەهۆی جەنگەوە نەبێت لە دۆخی جیابوونەوەدا بن، واتە دۆخی ساردیی یان دوژمنایەتییەکی ئاڵوگۆڕکارانە، مادامەکی هەمو هۆزێکیش دەیەوێت بەوە پشتبەستنی خۆی بە توانای خۆی بپارێزێت، ئەوا دەوڵەتیش لەدایک نابێت. کەواتە جەنگ لە کۆمەڵگە سەرەتاییەکاندا بە پلەی یەکەم ڕێگیریکردنە لە تاقە هێزێک کە بێتەدی و لەدایک بێت، ئەو تاقە هێزەش تەنها با مانای یەکگرتن واتە دەوڵەت دێت.

تێبینی: لەبنەڕەتدا ئەم دیالۆگە - دیارە لەبەر درێژییەکەی - بە سێ بەش لەماڵپەڕی «الاوان» بڵاوکراوەتەوە، بەڵام من بڕیارمدا بیکەم بە ٢ بەش، بەو هیوایەی کە دوا بەشی لەئایندەیەکی نزیکدا بڵاوببێتەوە.